هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٦١) لە ٢٠٢٠/٦/٢١

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و بە ڕەچاوکردنی ئەو داهاتەی کە ئێستا لەبەردەستی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە کە بەراورد بە خەرجییەکانی مووچە و شایستەی دارایی مووچەخۆران، کورتهێنانێکی بەرچاوی تێدایە، بۆیە بە مەبەستی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو کورتهێنانە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی ناردنی بەشە بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی فیدراڵی و لێکەوتە دارایی و ئابوورییەکانی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا کە سەرتاسەری جیهانی گرتەوە بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ئەمەسەرەڕای دابەزینی نرخی نەوت، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣١) لە ٢٠٢٠/٦/٢١، ئەنجومەنی وەزیران لە دوای دیراسەکردنی گشت ئەگەرەکان بڕیاری دا بە:

**یەکەم:**

أ) تەمویلکردنی ڕێژەی ٧٩% (لە سەدا حەفتا و نۆی) خەرجییەکانی مووچە و شایستەی دارایی مووچەخۆران و خانەنشینانی گشت وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەرجەم سەرۆکایەتی و دامەزراوەکانی هەرێم.

ب) ڕاگرتنی تەمویلکردنی ئەو ڕێژەی ٢١% (لە سەدا بیست و یەکەی) دەمێنێتەوە لەلایەن وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لەسەر سەرجەم مووچەخۆران و خانەنشینان جێبەجێ دەکرێت بە ڕەچاوکردنی زۆریی و کەمیی شایستەی داراییان.

ج) خەرجکردنی تەواوی ١٠٠% (لە سەدا سەدی) شایستەی دارایی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان، و زیندانیانی سیاسی، و کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت، و ئەو مووچەخۆر و خانەنشینانەش کە شایستەی داراییان (٣٠٠) سێسەد هەزار دینار و خوارترە.

د) بەدەر لە بڕگەکانی سەرەوە، خەرجکردنی تەنیا ڕێژەی ٥٠% (لە سەدا پەنجای) شایستەی دارایی ڕاسپێردراوان بە خزمەتی گشتی و خاوەن وەزیفە باڵاکان و پلە تایبەتەکان لە (سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکانیان و ئەندامانی پەرلەمان و وەزیرەکان و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و بریکارەکانی وەزارەت و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و ئەوانەی مووچەی بریکاری وەزارەت وەردەگرن و خاوەن پلە تایبەتەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری و دادگای پێداچوونەوە و سەرجەم دادوەران و ئەندامانی داواکاری گشتی و گشت ئەو کەسانەی بەپێی خشتەی کارپێکراوی مووچە، مووچە و دەرماڵەی هەردوو پلە باڵای (أ) و (ب) وەردەگرن

لەسەر میلاکی شارستانی و سەربازی و ئەنجومەن و دەزگای ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ).

ه) بڕگەی (د)ی سەرەوە ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە بەو پلە و وەزیفانەی لەو بڕگەیەدا هاتوون خانەنشین کراون، یان لە دوای جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبن بەو پلە و وەزیفانە.

**دووەم:**

أ) پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمایی دارایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە دەربکات.

ب) میکانیزمی هاتوو لە بڕگەکانی ئەم بڕیارە، ڕێکارێکی کاتییە و بۆ خۆگونجاندنە لەگەڵ کورتهێنان و تەنیا بۆ مووچەی ئەمجارەیە کە دابەش دەکرێت.

ج) گشت وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت و سەرجەم سەرۆکایەتی و دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بڕگەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری، و بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کاتی دابەشکردنی مووچە.

**سێیەم:**

ڕاسپاردنی لیژنەی باڵای دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ ئەنجامدانی ڕێکاری پێویست بۆ گەیشتن بە ئەنجام بە ئاڕاستەی دابینکردنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان.

**چوارەم:**

ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ وەرگرتنی ڕێکاری پێویست بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ کە لە سەرەتای مانگی تەمموزی ٢٠٢٠دا دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران